# تا ئێستا پشتێنەکەیم وەك یادگار لە لاماوە

دوای ئـەوەی ساڵی1982 لەگەڵ دەسـتـەیەك پێـشمەرگە هاتینـە ناوشاری سلێمانی بـۆ تـەمێ کردنـی پیاوەکانی ڕژێم و دوای بریندار بوونم, و ڕەوانەکردنم بۆ تاران بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری و گەڕانەوەم بۆ کوردستان.

لەناوزەنگ لەناوەندی کۆمەڵە.. شەهید مامۆستا جەمال تاهیر-م ناسی زۆر دڵنـەوایی دەکردمو سـەردانی دەکـردم کە ئازارم کەم بۆوە توانیم چەك هەڵگرمەوە بردمیە لای خۆی ئیتر لەنزیکەوە ناسیم .

مامۆستا جەمالی شەهید زۆر دڵسۆز بوو بەوەفا بوو هێمن و لەسەرخۆ بوو حەزی نـەدەکرد رووی کـەس بـشکێنێ کۆڵنـەدەربوو زۆر بـاوەڕی بـە چاکسازی هـەبوو دژی زەبـرو زەنـگ و کوشـتن بـوو ئەوکاتـە بـاوەڕی بـەمافی مـرۆڤ هەبوو.. پیاوێکی گومان لێ کراومان گرتوو خرایە ژێر لێکۆڵینەوەوە, بێ ئـازارو ئەشـکەنجە هـەموو راسـتییەکانی پـێ درکاند نەش کوژرا ئێستا ماوە خاوەنی چەند کتێبێکە, زانیاری گرنگن لەسەر ڕژێمو دیکتاتۆرەکەی.

جارێك ماڵەوەیان هاتن بۆ لای کوڕەکەی لەسەر وڵاخ بەربووەوەو دەسـتی شکا هـەر ئـەورۆژە ناردییـەوە بـۆ شـارو خۆشی غەمبار نیشان نەدا تا ئێمە دڵتەنگ نەبین.

بـارو دۆخـی ناوچـەکە تێکـچووبوو شـەڕی تێکـەوتبوو شـۆڕش بارەگاکـانی دەگواسـتەوە لەسـەر سـنوور بـۆ نزیـك شارەکانو جەماوەر چەند وڵاخێکمان دەویست منی ناردو وتی حەمە عەلی نەکەی دڵـی کـەس عـاجز بکـەی بەقسەی خۆش بیان هێنە کە چووم چـەند وڵاخـێکم هێنـا, زۆر دڵشاد بـوو, وتـی مـن مانـدووم ئـەم شـەو خـۆت بـەرپرس بـە تابەیانی بەراستی لەناو پێشمەرگەدا قودسیەتی تایبەتی هەبوو, زۆر حەزی لە قسەی خۆش نوکتە بـوو جارێـك وتـی حەمە عەلی چۆنە خۆمان ببوژێنینەوە, وتم چۆن؟ وتی دەنێرم بـۆ سـەوزەو میوەی خـۆش کـە گەیـشت زۆر دڵخـۆش بوو.

زۆرجار باسی ڕژێمو زیندانەکانو گرتنی خۆیو هەڵوێستی قارەمانەکانی ناو زیندانی بـۆ دەکـردم, جارێـك باسـی قارەمانێتیمامۆستا مەحمود قەرەداغی بۆ ئەکردم, باسەکەی لە چیرۆك ئەچوو زۆرم لا خـۆش بـوو, چونکە منـیش دەمناسی من دوای ئەوەی باشتر بووم, داوام کرد کە دابـەزم بـۆ نـاو بـرا پێـشمەرگەکانم, لـە (47)ی پیرەمـەگرون کـە پێشمەرگەی ئەو تیپەبووم, کاك فەرەیدون عەبدولقادر کلاشینکۆفێکی یەك لاقی بەدیاری دامێ, مامۆسـتا جـەمالیش تاقمو پشتێنەکەی خۆی لە پشت کردەوەو کردییە پشتم, (تا ئێستا پشتێنەکەی لای من بـۆ یادگـار مـاوە). بەداخـەوە ئەو کەڵە پیاوە خۆڕاگرە دڵسۆزە بەوەفایە لەکاتی ئەنجامدانی کارێك لە سەیارە وەرگەڕاو شەهید بوو.

کـاروانی سـەروەریی مامۆسـتا شـارەزایەکی تـری کـردە سـەرقافڵەو غـەمو پەژارەیـەکی زۆری لـە دڵـی هـاوڕێ و هاوسەنگەرانیدا بۆ هەتا هەتایە بەجێ هێشت.

حەمە عەلی قەرەداغی

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com